شیعر

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا



# ئێوارەیەک
# وەک درێژکراوەی ڕۆحم پڕ چاوەڕوانی




ئێوارەیەکی تەنیا
وڵاتێک پڕ لە نائومێدی
وەک ئەوەی بیابان لە گەڵادا بنوێ
ئاو بۆ پشوودان لم کۆ بکاتەوە
من چاوەڕوانی دەمکوژێ
چاوەڕوانی باڵندەیەک
کە ئیتر بیر لە نیشتنەوە ناکاتەوە
کە ئیتر بە ئەندازەی فڕین
لە نیگەرانی ڕادەمێنێ
بە ئەندازەی نیگەرانێ
خەیاڵم شەپۆل شەپۆل
لە باران ڕا دەکا
دڵۆپ دڵۆپ
لە بێدەنگی دادەبەزێ
بێدەنگێ
وەک درێژکراوەی چاوەڕوانی

به مردنم دەسپێرێ
منیش ئەستێرە  ئەستێرە
بە نیگایەکەوە دەهاتمەوە
کە ساڵەهایە ئەفسوون ڕەنگ دەکا
بە نیگایەکەوە دەهاتمەوە
بە ئەندازەی نیشتیمان خەواڵوو

ئێوارەیەکی ماندوو
نیشتیمانێکی دیل
پڕ لە گێڕانەوەی بێدەنگی
بێدەنگی
وەک درێژکراوەی ئاسمان
دەمداتە دەست بیابان
لەوێ لە سەیرکردنی مانگ
خەیاڵم تووشی باخچەیەک دەبوو
باخچەیەک لەسەر بەرماڵی حەقیقەت
درەختە مەستەکانی بە دوای خۆیدا
کێش دەکرد
باخچەیەک وەک دوودڵی بنووسێتەوە دەڵێ:
دەنگی ئاو حیکمەتی تیایە
دەنگی ئاو
باران  باران
هێڵ بە ژێر پیتەکانی ژیاندا دەهێنێ
باران  باران
لە ژێر گەڵادا بێهودەیی کۆ دەکاتەوە

ئێوارەیەک
وەک درێژکراوەی ڕۆحم
پڕ چاوەڕوانی

وەک نیشتیمان
نائومێدی تا خەیاڵی مەرگی بەرێت
مەرگ
وەک باران تەڕیکات

ئێوارەیەک
وەک ئەوەی فێرت کا
بڕوا بە یادەوەری بهێنی
کتوپڕ دەکەوتمە سەر هەوای بیرکردنەوە
لە بەردەم بیابان
ئەو وێنە خەوتووانەم بە نیگاوە هەڵدەواسی
کە باران
تا تاقیکردنەوەی مەرگ
بە سەریاندا نەدەفڕی
ئەو وێنانەی
کە ئاو تا سنووری پێکەنین
دەچووە گەروویانەوە



ئێوارەیەک کە ڕۆحم کزەی دێ
لە چاوەڕوانی

ئێوارەیەک کە نائومێدی بە پێکێ
بانگم دەکا

ئێوارەیەک کە نیشتیمان
دادەبەزێتە نێو بازاڕ
لە شەڕی چاوەڕوانیدا
دیلم دەکا.

تەمموزی ٢٠٠٢ هەولێر